# ئەم گاڵتەجارەش ڕیسواکەن!

**حەمەغەفور**

بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد ئەمڕۆ بەشوێنێك گەیشتووە کەبەخەویش نەیدیوە. ئەم فیرعەونستانەی سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەنرخێکی زۆر گران بۆ خەڵکی ئازادیخواز وبەشمەینەتی کوردستان تەواوبووە. ئەوان بەهیچەوە لەشاخ دابەزین وئیستا لەژیانی شاهانەدا بەسەردەبەن. ئەوان هەقیانە هەمیشە دەستەوئەژنۆ لەبەر پێی بۆش وبلێردا سەردانەوێنن. چونکە کوردستانیان بۆ تەلبەندکردن وکلیلی سەرچاوەی ژیانیان دایە دەستی بەرزانی وتاڵەبانی. 15ساڵە کوردستان لەژێر چەکمەی ئەمریکادا بەدەستی پارتی ویەکیتی وەکو ئۆردوگایەك ڕاگیراوە وئاسۆیەك بۆ کۆتایی دیار نییە. ئێستاش کەئەمریکا بەرەورووی ناکامی بۆتەوە لەعێراق، تالەبانی وبارزانی کوردستان وئایندەی خەڵکەکەشیان کردۆتە بەردەبازی پەڕینەوەی ئەمریکا لەم شکستەی تێیکەوتووە. کوردستان وخەڵکێك کەبەدەستی ڕژێمە فاشیستەکانی ناوەندەوە گەورەترین تاوان وجینۆسایدی لەبەرامبەردا ئەنجامدراوە، ولەکاتێکدا دەرفەتی تەواو بۆ کۆتایی هێنانی یەکجاری بەکێشەیەك کەناوی کیشەی کوردە دوای زیاتر لە50ساڵ هاتۆتەئاراوە، ئەم دوو حیزبە لەسیناریۆیەکی گاڵتەجاڕیدا کوردستان ئەلکێننەوە بەعێراقەوە. ووریابن، ژیانی شاهانە وفیرعەونستانی سەرانی کوردایەتی لەگرەوی درێژە وهەڵواسراوی مەسەلەی کوردایە. دەنا ڕێگای سەرڕاستتر بۆ هەر عەقڵێك سەربەخۆیی کوردستانە، نەهیچ شتێکی تر. بێ دوکەڵ نییە ئەم دوو حیزبە بەچنگ وددان دژایەتی هەر دەنگ وڕەنگێکی سەربەخۆیی دەکەن! ئەوان کوردستان وخەڵکەکەیان هەڕاج کردووە ولەبەرامبەردا دەبێت ئەوپەڕی فریوکاری ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی ڕایانکێشنە ناو ئەم سیناریۆیەوە. ئەوان بەم هاتوهاوارەیان دەیانەوێ جێگاوشوێنی خۆیان قایمتر بکەن. ئەوان خواستی سەربەخۆییان فرۆشتووە لەبەرامبەر دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عوروبی ئیسلامی عێراقدا. بەدەستی خۆتان ئەم چارەنووسە ترسناکە مۆرمەکەن.

پارتی ویەکێتی بەڕاستی قەرزاربارى سەددام وڕژێمەکەشین. ئەگەر سیاسەتی فاشیستی ئەو ڕژێمە نەبوایە، ئەگەر ئیعدام وئەنفال وکیمیاباران وگۆڕەبەکۆمەڵەکانی نەبوونایە، کەس نەیدەزانی ئێستا ئاسەواری ئەم دوو حیزبە لەکوێ دەبوو! ئەوەی خەڵکی کوردستان لەم 15ساڵەشدا بەدەستی ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییە خۆییانەوە بینیویانە باڵەولاوە بوەستێت. لەم15ساڵەدا تەواوی داهات وسەروەت وسامانی کوردستانیان بەتاڵان بردووە وبەسەدانیان ناویان چۆتە ناو لیستی دەوڵەمەندانی جیهانەوە، وکەچی نەك کوچە وکۆڵانی شارەکان، شەقامە سەرەکییەکانیش قوڕوچڵپاون. سەدان ناوەندی بڵاوکردنەوەی خورافەی ئیسلامی(مزگەوت) بەجوانترین شێوە قووتکراونەتەوە، کەچی منالانی ئەم "گەلی کوردە!" 40و50یان لەپۆلێکدا دادەنیشن وهەر قوتابخانەیەك سێ دەوامی تیادایە! پارەوپوولیان بۆ هەزاران مەلا وئاخوند وکۆنەپەرستی ئیسلامی ودینی هەڵڕشتووە، کەچی مامۆستایان وهونەرمەندان وشارەزایانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان بەدەس دواکەوتوویی پرۆسەی پەروەردە وخوێندن وفەرهەنگی بەعسیانە ودواکەوتووانەی ناسیونالیزمی کورد وهەژاری بوارە زانستییەکانەوە دەناڵێنن. باخچەی ساوایانی چی وشیرخۆرگەی چی! پارك وشوێنی حەوانەوە وتەفریحی چی! ئەوانە ودەیان خزمەتگوزاری دیکە لەفەرهەنگی کوردایەتیدا جێیان نابێتەوە. ئەم حیزبانە عەشیرەیی ودواکەوتوون،تابینەقاقایان گەندەڵییە ولایەقی ئەوە نین هیچ لایەنێکی ژیانی ئێوە بەڕێوەبەرن.

ئێستاش پاش ئەوەی بەتەجروبە خەڵکی کوردستان بینیویانە کەلەکاتی سازدانی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانیاندا ئەوانیان بیردەکەوێتەوە و شەو ورۆژ دەکەونە تۆپبارانی پڕوپاگەندە پووچەکانیان تا خەڵکی پەلکیشکەنە پشتی سندوقەکانەوە. دوای تەواوبوونی سیناریۆکەشیان هەر ئەو خەڵکە لەچلەی هاوین وزستاندا دەبێ بۆ سەعاتێك کارەبا وبرێك نەوت وگاز برژێنە شەقام وناڕەزایەتی دەبڕن وئەم جەنابانەش بەلوولەی چەکەکانیان وەڵامی داواکانیان بدەنەوە. تەقەکردن لەخۆپیشاندانی خەڵکی

کەلار وئاکرێ وگرتن وڕاونان وهەڕەشەکردن لەهەڵسووڕاوانی ئەو ناڕەزایەتیانە، وتادەگات بەو هەڕەشانەی تاڵەبانی کەووتی ئەگەر هاوولاتیان بەشداری نەکەن لەهەڵبژاردندا بودجەمان کەم دەبێتەوە وناچارین لەو چەند سەدهەزار کارمەند ومووچەخۆرە کەمکەینەوە، ئەو ڕاستییەیە کەئەم دوو حیزبە 15ساڵە بەسەدان جار سەلماندوویانەتەوە.

ئەمجارەش ئەوەی دەیڵێن ووتراوە وئاکامەکەشتان لەگەندەڵی هەمەلایەنە وگرفتەکانی ژیانتاندا بەچاوی خۆتان دیوتانە. ئەوەی لەبارزانی وتاڵەبانیەوە تادەگات بەکۆسرەت رەسول وفازیل میرانی بۆی کەوتوونەتە سواڵ وداواتان لێدەکەن بەشداری ئەم گاڵتەجاڕەی ئەمجارە "چارەنووسسازە" و "دەنگدان بۆ کەس نییە بۆ کوردە"و..تد، جگەلە پڕوپاگەندەیەکی هەرزانبەها وفریودەرانەی دیکە وەکو جارەکانی پێشوو، وەدرۆیەکی شاخدار بایی فلسێك نرخی نییە بۆ ئێوە. خەڵکی کوردستان وەلەپێشیانەوە کچان وکوڕانی لاومان دەتوانن ئەمجارەشیان وەکو 15-10 لەئاستی سەرتاسەری کوردستاندا لەڕۆژی 15-12 نـــایەکی گەورەتر لەوسا بدەنەوە بەچاوی ئەم تاوانبارانەدا. لەماڵەکانتاندا لەگەڵ کەس وکار ودەورو بەرتاندا دانیشن ومەیەنە دەرەوە. تەنها بەم هەڵوێستە سادەیەتان نەخشەی پووچ وگلاوی لکاندنەوەی سەرلەنوێی کوردستان بەعێراقەوە بەرەوڕووی شکستی گەورە دەکەنەوە. وەلەهەمان کاتدا بەم هەڵویستەتان ئەم دوو حیزبە ناچاردەبن زۆر زیاتر لەجاران مل بۆ خواستەکانی خەڵك دانەوێنن. هەرچی بەپڕوپاگەندەی پووچی ئەوانیش فریو بخۆن، بەمانای تەسلیمبوونتانە بەهەموو نەخشە وسیاسەتێکی ئەم دوو حیزبە. لەسەرووی هەمووشیەوە یانی بەڕەسمی قبوڵکردنی ئەم فیرعەونستانەیە. ئەویش بەمانای درێژەی گەندەڵی وتالانی وگرانی وبێ کارەبایی وبێ سووتەمەنی. ئەمجارە نــــا ووتنتان بەم گاڵتەجاڕیە بەدانیشتنتان لەماڵەوە پیادەبکەن. سندوقەکانی دەنگدان بۆ خۆیان بەجێ بهێڵن.

2005-512